# سێ چەشنی شانۆی ئەبسێرد لە یەک دەقدا

خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" لە نووسینی دانا ڕەئووف
لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی ژان میشێل ڕیب و هارۆلد پینتەر و فێرناندۆ ئاراباڵ

موحسین مستەفاپوور



٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ شانۆ

**پوختە:**

بە پێچەوانەی بیروباوەڕی باو، شانۆی ئەبسێرد بزووتنەوەیەکی یەکبرگە نییە و لە پەرەسەندنیدا چەندین بۆچوونی جۆراوجۆری لە بواری زمان، گێڕانەوە، کەسایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتی پوچی و بەتاڵی، ئەزموون کردووە. هەندێک شانۆنامەنووس وەک ژان میشێل ڕیب، بۆ ئاشکراکردنی قەیرانی مانا، گاڵتەجاڕی و گەمەی زمان و بارودۆخی نائاسایی بەکار دەهێنن. هەندێکی تر وەک هارۆلد پینتەر بەتاڵی وەک هەڕەشەیەکی شاراوە و پەیوەندییە نایەکسانەکانی هێز نیشان دەدەن و، هەندێکی تر وەک

فێرنـانـدۆ ئـارابـاڵ ئەم ئەزموونە بۆ دڵەڕاوکێ و تونـدوتیژی و ئـاژاوە و داڕمـانی تەواوی سیستەمی مرۆڤایەتی بەرز دەکەنەوە.

ئەم وتارە بە پشـتبەسـتن بە شـێوازێکی شـیکارانە، ڕووبەڕووی شـانۆنامەی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"ی دانا ڕەئووف دەبێتەوە و نیشـانی دەدات کە چۆن ئەم دەقە، بەبێ پچڕانی پێکهاتەیی، سێ شێوازی جیاوازی شانۆی ئەبسێرد لە یەک گرێ دەدات. لەم توێژینەوەیەدا کارەکانی ڕیب و پینتەر و ئارابال وەک تێکستی بەراوردکاری بەکار نەهاتوون، بەڵکوو وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئێستاتیکایی شانۆنامەکە بەکار هێنراون.

شـــیکردنەوەی دەقەکە ئەوە دەردەخـات کە جیهـانی شـــانۆنـامەکە لە ســـێ قۆنـاغی پێکەوەبەستراودا پێک هاتووە: یەکەم، بەتاڵی لە شێوەی گاڵتە و گەمەی زمان دەردەکەوێت، پاشـــان هەمان بەتاڵی، بۆ فەزایەکی پڕ لە هەڕەشـــە و زاڵبوون دەگۆڕێت و لە کۆتاییدا بە توندوتیژییەکی ناعەقڵانی و بێ دڵنیایی ئەخلاقی کۆتایی دێت.

**پێشەکی:**

لەوەتەی شـانۆی ئەبسـێرد لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمدا سـەریهەڵدا، ئەم شـێوە هونەرییە هەمیشـە بە چەمکەکانی وەک بێ مانایی، داڕمانی پەیوەندی، قەیرانی شـوناس و نەتوانینی زمـان لە ڕاگواســـتنی ئەزموونی مرۆڤـایەتی نـاســـراوە. هەرچۆنێـک بێـت، کورتکردنەوەی شـــانۆی ئەبســـێرد بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی جێگیر وێنەیەکی ســـادەتر لە واقیعی ئەبسـێرد پێشـکەش دەکات. هەرچەندە ئەزموونی ئەبسـێرد لە کارەکانی نووسـەرانی وەک سـامویل بێکێت، یۆژین یۆنێسـکۆ، ژان ژینییە و ئارسـەر ئادامۆف، بناغەی هاوبەشـی هەیە. بەڵام لە نەوەکـانی دواتردا ئێســـتـاتیکـایەکی جیـاوازی وەرگرتووە. بەجۆرێـک کە گاڵتەجاڕی و هەڕەشـە و توندوتیژی هەریەکەیان دەتوانن ڕێگایەکی سـەربەخۆ بۆ نواندنی هەمان قەیرانی بنەڕەتی مانا بن.

شـــانۆنامەی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"ی دانا ڕەئووف هەروەها یەکێکە لەو کارانەی کە لەیەکەم نیگادا پێکهاتەیەکی سـادە و سـنووورداری هەیە. هەموو ڕووداوەکانی نمایشـەکە لە ژوورێکی بچووکی هوتێلێـک لەنێوان نیوەشـــەو و بەرەبەیـانـدا ڕوو دەدەن، تەنهـا دوو کارەکتەر لەســـەر شـــانۆ هەن و گفتوگۆکانیان لە ســـەرەتادا لە دەوری بابەتێکی ئاســـایی دەخولێتەوە، بەڵام پێکەوە بەستنی لۆژیکی نییە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی گێڕانەوەکە، هەمان گفتوگۆی ڕۆژانە وردە وردە ڕێگە بە گومان، زاڵبوون، ترس و لە کۆتاییدا توندوتیژییەکی کوشندە دەدات. هاوکات شانۆنامەکە هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەمان بۆ دەرناخات کە بۆچی ئەم ڕووداوانە ڕوویانداوە.

ئەوەی ئەم شـــانۆنامەیە لە زۆربەی نموونە باوەکانی شـــانۆی ئەبســـێرد جیا دەکاتەوە پێکەوەژیانی چەن چەشـــنی جیاواز بۆ نواندنی دەقی ئەبســـێرد لە یەک پێکهاتەدایە. لە سەرەتادا، دەقەکە بە بەکارهێنانی یاری زمان و بارودۆخی کۆمیدی خوێنەران و بینەران وە پێکەنین دەخات، بەڵام هەمان شـــێوازە زمانەوانییەکان وردە وردە دەبنە ئامرازێک بۆ دروســـتکردنی هەڕەشـــە و بەکارهێنانی هێز و دەســـەڵات، و لە کۆتاییدا هەموو شـــتێک لە دڵەڕاوکێ و توندوتیژییەکی لەناکاو کە لۆژیکی هۆکاری نییە، دەڕووخێت. کەواتە، گۆڕانی ئاهەنگی هەستی شـانۆنامەکە لە ئەنجامی پچڕانی پێکهاتەکە نییە، بەڵکوو ئەنجامی گۆڕانێکە لە شێوازی دەرخستنی پوچی و بەتاڵی. بەم پێیە، پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بەم شـــێوەیە داڕێژراوە: شـــــانۆنـامەی «دیـدەنییەکی چـاوەڕواننەکراو» چۆن بە ڕاگرتنی یەکگرتوویی و ســـەقامگیری دراماتیکی خۆی، توانیوییەتی ســـێ چەشـــنی جیاوازی درامای ئەبسێرد لە یەک گێڕانەوەدا لێک گرێ بداتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە، ئەم وتارە بە بەکارهێنانی شـــێوازی شـــیکردنەوەی دەق، تایبەتمەندییە دیارەکانی ســـێ هەڵوێســـتی جیاواز لە شـــانۆی ئەبســـێرد لەســـەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی ژان میشێل ڕیب و هارۆلد پینتەر و فێرناندۆ ئاراباڵ، وەک چوارچێوەیەکی تیۆری هەڵدەبژێرێت و نیشـــانی دەدات کە چۆن ئەم ســـێ بۆچوونە لە چینە جیاوازەکانی شـــــانۆنامەی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" ئامادەبوونێکی وردە وردە و بەردەوامیان هەیە. مەبەست لەم توێژینەوەیە سەلماندنی وەرگرتنی کاریگەریی ڕاستەوخۆی دانا ڕەئووف لەم شـانۆنامەنووسـانە نییە، بەڵکوو ڕوونکردنەوەی توانای ئێســـتاتیکاییی دەق لە ڕێگەی ســێ شێوازێکی بەرچاوی شانۆی ئەبسێردی هاوچەرخە.

**بنەما تیۆرییەکان:**

**١. ژان میشێل ڕیب؛ پێکەنین، بۆ دەرخستنی پوچی**

ژان میشێل ڕیب یەکێکە لە شانۆنامەنووسە هاوچەرخەکانی فەرەنسا، کە شانۆی ئەبسێرد لە کەش و هەوای فەلسەفی و تاریکییەوە دەباتە ناو جیهانێکی گاڵتەجاڕی ورد و فێڵبازانە و نائارام. لە کارەکانیدا و بەتایبەت لە کتێبی «شـــانۆی بێ ئاژەڵ»دا، قەیرانی مانا لە ڕێگەی ڕووداوی گەورەوە دەرناکەوێت، بەڵکوو لە ناوەڕاســـتی بارودۆخێکی تەواو ئاســـایی و ڕۆژانەدا دەردەکەوێت. کارەکتەرەکان گفتوگۆ دەکەن، بەڵام زمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ ڕاگواستن و گەیاندنی مانا، دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەرهەمهێنانی هەڵە تێگەیشتن، دواکەوتن لە تێگەیشتن، و بڵاوبوونەوەی بێمانایی.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جوانیناسانەی میشێل ڕیب، بەکارهێنانی دووبارەکردنەوەیە. دووبارەبوونەوە لە کارەکانیدا میکانیزمێکی دراماتیکییە کە نیشانی دەدات کارەکتەرەکان لە بازنەیەکی بێکۆتای قسەکردندا گیریان خواردووە. پرسیارەکان دەیان جار دووبارە دەبنەوە، وەڵامەکان کێشەکە چارەسەر ناکەن، و هەر ڕستەیەک لەجیاتی نزیککردنەوە، مەودای نێوان کارەکتەرەکان زۆرتر دەکات. لەم جیهانەدا، زمان لەجیاتی ئەوەی هۆکاری پەیوەندی بێت، دەبێتە بەشێک لە قەیرانی پەیوەندی.

لەگەڵ دووبارەکردنەوە، گەمەی زمانەوانیش تایبەتمەندییەکی گرینگی ئێستاتیکایی لەناو دەقەکانی ژان میشێل ڕیبە. زۆرێک لە دیالۆگەکان لە تێگەیشتنی جیاوازی کارەکتەرەکان بۆ وشە یان بارودۆخێک دروست دەبن و ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتندا دۆخێکی کۆمیدی دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کۆمیدیا و پێکەنینە هەرگیز نابێتە هۆی ئاشتی، چونکە بینەران و خوێنەران وردە وردە تێدەگەن کە لە پشت ئەم نوکتە زارەکیانەوە جۆرێک لە بێتوانایی بنەڕەتی لە پەیوەندیکردن هەیە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی تر لە کارەکانی ڕیبدا، بوونی حاڵەت و بارودۆخگەلی بێ لۆژیکە. کارەکتەرەکان زۆرجار خۆیان لە بارودۆخێکدا دەبیننەوە کە هۆکاری ئامادەبوونیان، مەبەستی هەڵسوکەوتیان، یان تەنانەت پێویستی بەردەوامبوونیان لە گفتوگۆکاندا ڕوون نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، شانۆنامەکانی ئەو، هەوڵ نادەن ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی بۆ ئەم ناڕوونییە پێشکەش بکەن. بە پێچەوانەوە، ئەم نەبوونی هۆکارە دەبێتە بەشێک لە لۆژیکی ناوەکیی جیهانی دەقەکانی. ئەمەیش بینەر و خوێنەر ناچار دەکات بێ مانایی، نەک وەک کەموکوڕییەک لە گێڕانەوەکەدا، بەڵکوو وەک کرۆکی ئەزموونی شانۆیی قبوڵ بکات.

لە ئەنجامدا، گاڵتە لە جیهانی شانۆیی ژان میشێل ڕیب، هەرگیز تەنها ئامرازێک بۆ پێکەنین نییە. پێکەنین یەکەم کاردانەوەی خوێنەر و بینەرە بۆ جیهانێک کە یاسا ئاشناکانی پەیوەندیی مرۆڤ شکستیان هێناوە، جیهانێک کە تێیدا، گاڵتە و دڵەڕاوکێ لە یەک کاتدا پێکەوە دەژین.

**٢. هارۆلد پینتەر؛ هەڕەشەیەک لە دڵی ژیانی ڕۆژانەدا**

ئەگەر لە کارەکانی ژان میشێل ڕیبدا، پوچی و بەتاڵی بە شێوەیەکی سەرەکی لە شێوەی گاڵتەجاڕی، گەمەی زمان، و تێکچوونی پەیوەندیدا دەردەکەوێت، لە جیهانی شانۆیی هارۆلد پینتەردا، هەمان ئەزموون شێوازێکی شاراوە و نیگەرانتر وەردەگرێت. بە وتەی مارتن ئیسلین، تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی شانۆنامەکانی پینتەر ئەوەیە کە هەڕەشە لە دەرەوە نایەت، بەڵکوو لە دڵی ئاساییترین بارودۆخی ڕۆژانەوە دێت. کارەکتەرەکان لە فەزایەکی ئاسایی و ئاشنادا دەژین، بەڵام ئەم فەزا ئاشنایە هەمیشە ڕووبەڕووی هاتنی هێزێکی

نەناسراو و بێ شرۆڤە دەبێتەوە، هێزێک کە هێواش هێواش ئاسایشی جیهانی شانۆنامەکە دەهەژێنێت.

لە ئێستاتیکای پینتەردا، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەرلەوەی لەسەر بنەمای دیالۆگی ڕاستەقینە دروست بن، زیاتر لەسەر خراپ تێگەیشتن، گومان و نەتوانینی ناسینی ئەوانی تر دامەزراون. زمان، بە پێچەوانەی کارە ئاساییەکەی، ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕاستی نییە، بەڵکوو زۆرجار دەبێتە ئامرازێک بۆ شاردنەوەی واقیع، خۆلادان، بەرگریکردن لە خۆ، یان بەکارهێنانی زاڵبوون. لەبەر ئەوە، دیالۆگەکان بەگشتی نابنە هۆی تێگەیشتن، بەڵکوو مەودای نێوان کارەکتەرەکان زیاد دەکات و شکستی پەیوەندییەکە زیاتر ئاشکرا دەکات.

لە جیهانێکی ئاوادا، دەسەڵاتیش سروشتێکی شل و ناجێگیری هەیە. کارەکتەرەکان بەردەوام خەریکی تاقیکردنەوە، کۆنترۆڵکردن، و هەڵسەنگاندنی یەکترین. لێرەدا هەڵسوکەوتی دەسەڵات، نەک لە ڕێگەی توندوتیژیی ئاشکرا، بەڵکوو لە ڕێگەی پرسیاری دووبارەبوو، بێدەنگی مانادار، وەستان، تێڕوانین، و گۆڕانی ئاوازی دیالۆگەکانەوە پێک دێت. لەبەر ئەم هۆیە، تەنانەت سادەترین دیالۆگەکانیش دەبنە ڕووبەڕووبونەوەیەکی دەروونی، و خوێنەر وبینەر هەمیشە هەست دەکات کە هێزێکی نادیار سێبەری بەسەر پەیوەندییەکانی کارەکتەرەکاندا زاڵ کردووە.

توخمێکی سەرەکی تر لە شانۆنامەکانی پینتەردا، لێڵی و ناڕوونییە. زانیاری دەربارەی ڕابردووی کارەکتەرەکان، هۆکاری ڕووداوەکان، و پاڵنەری کردارەکان بەگشتی بە شێوەیەکی ناتەواو یان ناڕوون پێشکەش دەکرێت، و شانۆنامە، خۆی لە هەر ڕوونکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە بەدوور دەگرێت. لە ئەنجامدا، خوێنەر و بینەر وەک کارەکتەرەکان لە دۆخێکی نادیاردا دادەنرێت و هەرگیز ناتوانن بە دڵنیاییەوە بزانن ڕاستیەکە چییە، کێ ڕاستییەکە دەشارێتەوە و تەنانەت ئایا ڕاستییەکی یەکلاکەرەوە بۆ دۆزینەوە هەیە یان نا.

بەم پێیە، لە جیهانی شانۆیی پینتەردا، هەڕەشە زیاتر بەرهەمی چاوەڕوانییە نەک ڕوودانی توندوتیژی. دڵەڕاوکێ لە بێدەنگی، وەستان، ناڕوونی زانیاری، و نەتوانینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیکردن سەرهەڵدەدات. کەواتە، توندوتیژی، ئەگەر ڕوو بدات، تەنها قۆناغی کۆتایی قەیرانێکە کە زۆر زووتر لە چینە شاراوەکانی دیالۆگ و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، دەستی پێ کردووە. ئەم تایبەتمەندییە شانۆنامەکانی پینتەر دەکاتە نموونەیەکی سەرەکیی نوێنەرایەتیی پوچی و بەتاڵی مرۆڤ لە جیهانێکدا کە نائارامی لە ڕووداوی نائاساییدا نییە، بەڵکوو لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە.

**٣. فێرناندۆ ئارابال؛ دڵەڕاوکێ و توندوتیژی وەک دوایین شێوەی پوچی و بەتاڵی**

فێرناندۆ ئارابال، بەتایبەتی لە شێوەی «شانۆی پەنیک»[1]دا جیهانێکی شانۆیی دەخوڵقێنێت کە تێیدا سنووری نێوان ڕاستی و کابوس و ڕێکخستن و ئاژاوە و گاڵتە و توندوتیژی و تەنانەت عەقڵ و شێتی بەردەوام دەڕووخێن. شانۆی پەنیک، جەخت لەسەر ئاژاوە، دڵەڕاوکێ، ناسەقامگیری و ئەزموونی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ دەکاتەوە و هەوڵ دەدات جیهانێک نیشان بدات کە هیچ سیستەمێکی ئەخلاقی، لۆژیکی یان گێڕانەوەیی یەکلاکەرەوە ناتوانێت کردارەکانی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە. لەم جیهانەدا، کارەکتەرەکان لەسەر بنەمای هۆکاروئەنجام و سایکۆلۆژی کار ناکەن، بەڵکوو هەموو قسە و گفتوگۆکانیان کاردانەوەیەکن بۆ ئەو بارودۆخە پێشبینینەکراو و مەترسیدارەی کە تێیدانە.

لەم بۆچوونەدا، دڵەڕاوکێ و توندوتیژی دیاردەیەکی نائاسایی یان تەنها ڕووداوێکی خەیاڵیی چیرۆک نیین، بەڵکوو بە یەکێک لە گرینگترین ڕێگاکانی دەرخستنی قەیرانی وجودی مرۆڤ دادەنرێن. کرداری توندوتیژی زۆرجار پاڵنەرێکی ڕوون یان پاساوێکی عەقڵانی نییە، و تەنانەت پاش ڕوودانیشیان نابنە هۆی ڕاستییەکی یەکلاکەرەوە یان ڕوونکردنەوەی دراماتیک. کەواتە، مردن و کوشتن لە جیهانی شانۆیی ئارابالدا، بە پێچەوانەی پێکهاتەی تراژیدیای کلاسیک، نابێتە هۆی کاتاریس یان دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ، بەڵکوو تەنها جەخت لەسەر ئاژاوە و بێ مانایی و ناجێگیری جیهانی شانۆیی دەکاتەوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی کارەکانی ئارابال، ناجێگیری پێگەی کارەکتەرەکانە. هێڵی نێوان قوربانی و دەستدرێژیکەر، تاوانبار و بێتاوان، هەمیشە لێڵ دەبێت، و کارەکتەرەکان لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتدا شوێنی خۆیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕن. ئەم گۆڕانە بەردەوامە، خوێنەران و بینەران لە هەر بڕیارێکی ئەخلاقی یەکلاکەرەوە بێبەش دەکات. ئەوان ڕووبەڕووی جیهانێک دەبنەوە کە تێیدا، ڕاستی هەمیشە ناڕوونە و بەدەست ناهێنرێت.

سەرەڕای ئەوەش، شانۆی پەنیک، تەنها پشت بە وێناکردنی توندوتیژی نابەستێت، بەڵکوو دڵەڕاوکێ، ترس، نائارامی و هەستی هەڕەشەی بەردەوام وەک بەشێک لە ئەزموونی مرۆڤی هاوچەرخ نیشان دەدات. لە فەزایەکی وەهادا، توندوتیژی خاڵی دەستپێکی قەیرانەکە نییە، بەڵکوو دوایین قۆناغی پرۆسەیە کە بە ترس و بێ متمانەیی و پچڕان و بێتوانایی مرۆڤ لە تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەری دەست پێ دەکات. کەواتە ئەوەی لە کۆتایی کارەکانی ئارابالدا وەک کردارێکی توندوتیژ دەردەکەوێت لە ڕاستیدا درێژەپێدەری هەمان ئەو قەیرانەیە کە هەر لە سەرەتاوە لە چینە جۆراوجۆرەکانی کارەکەدا بوونی هەبووە.

---

[1]-پەنیک، ناوی نەخۆشییەکی دەروونییشە، کە مرۆڤ بێ هۆکارێکی لۆژیکی تووشی دڵەڕاوکەیەکی زۆر دەبێت، هەروەها پەنیک دڵەڕاوکێ، نەبوونی تەرکیز، لێدانی دڵ بە توندی، هەناسەبڕکێ و شێتی لەخۆ دەگرێت.

بەم پێیە، دەتوانین بڵێین کە لە ئێستاتیکای ئارابالدا، توندوتیژی هەرگیز مانای چارەسەرکردنی قەیران نییە، بەڵکوو دوایین شێوەی سەرهەڵدانی پوچی لە جیهانێکدایە کە تێیدا مانا و شوناس و پەیوەندی، زۆر پێشووتر هەمووی ڕووخاون.

**شیکردنەوەی شانۆنامەکە:**

## ١.پێکەنین وەک یەکەم شێوەی پوچی و بەتاڵی: خوێندنەوەیەک بۆ سەرەتای شانۆنامەکە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی ژان میشێل ڕیب

"دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" هەر لە یەکەم ساتییەوە خوێنەران و بینەران ڕووبەڕووی دۆخێک دەکاتەوە کە لە ڕووی شوێن و کاتەوە زۆر واقیعییانەن. ژوورێکی سادە لە هوتێلێکی هەرزان، نیوەشەوەکی زستانی، و تەنها دوو کارەکتەر؛ پێناچێت هیچ کام لە توخمەکانی دەستپێکی شانۆنامەکە ئاماژە بە جیهانێکی نائاسایی بکات. هەرچۆنێک بێت، ئەم ڕیالیزمە ئاشکرایە دەرفەتێکە بۆ پێکهێنانی جیهانێک کە وردە وردە لۆژیکی ئاساییی پەیوەندیی مرۆڤ لە ناوەوە بەتاڵ دەکاتەوە. لەو ساتەوە کە پیاوی دووەم دەگات، زمان چیتر وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی مانا نابێت، بەڵکوو دەبێتە سەرچاوەی هەڵە تێگەیشتن، دوودڵی و بێ مانایی.

یەکەم گفتوگۆی نێوان ئەو دوو کارەکتەرە، نموونەیەکی ڕوونی ئەم دۆخەیە. پیاوی یەکەم، بەبێ هیچ پێشەکییەک، بە دەستەواژەی:

"زۆر دواکەوتیت!"...... "دەمێکە چاوەڕێت دەکەم".

سڵاو لە پیاوی دووەم دەکات، لە کاتێکدا پیاوی دووەم دەڵێت نە ئاگاداری ئەو دیدارە بووە و نە چاوەڕێی بینینی پیاوی یەکەمی کردووە. بەردەوامی دیالۆگ ئەم هەڵە تێگەیشتنە ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی فراوانبوونی:

**پیاوی یەکەم:**

بڕیاربوو نانی نیوەڕۆمان پێکەوە بخواردایە.

**پیاوی دووەم:**

هیچ بڕیارێکی وا لە بەینی من و تۆدا نەبووە.

لە گفتوگۆیەکی ئاساییدا، ناکۆکییەکان دەربارەی ڕابردوو بە دابینکردنی زانیاریی نوێ چارەسەر دەکرێن، بەڵام لەم شانۆنامەیەدا هیچ زانیارییەکی نوێ بەرهەم ناهێنرێت. هەر ڕستەیەک تەنها ڕستەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە یان نکۆڵی لێدەکات. کەواتە، زمان لەجیاتی چارەسەرکردنی کێشەکە، خۆی دەبێت بە کێشەی سەرەکی. ئەمە هەمان ئەو

میکانیزمەیە کە لە ئێستاتیکای ژان میشێل ڕیبدا، گاڵتەجاڕی لە تێکشکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی دروست دەکات.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم گاڵتەجاڕییە لەسەر بنەمای نوکتە و جۆکگێڕانەوە دروست نابێت، بەڵکوو لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دوو سیستەمی واتاییی نەگونجاوەوە دروست دەبێت. گوایە هەردوو کارەکتەرەکە بە زمانێک قسە دەکەن، بەڵام لە پراکتیکدا هەریەکەیان لە جیهانێکی جیاوازدا دەژین. لەبەر ئەوە، خوێنەران و بینەران، بەهۆی نەتوانینی کارەکتەرەکان بۆ گەیشتن بە بچووکترین ڕێککەوتن، پێدەکەنن.

دواتر ئەم دۆخە بە دووبارەکردنەوەی یەک لە دوای یەک زەقتر دەبێتەوە. دیالۆگەکانی کاتی بیستنی دەنگی لەدەرگادان، نموونەیەکی سەرەکی ئەم شێوازە زمانەوانییەیە:

**پیاوی دووەم:**

کەس دەزانێت ئێمە لێرەین؟

**پیاوی یەکەم:**

کەس کێیە؟

**پیاوی دووەم:**

لە نیوەڕۆوە لێرە نیت! (بە گومانەوە سەیری دەکات) کەست بینیوە؟

**پیاوی یەکەم:**

کەس کێیە؟

**پیاوی دووەم:**

نازانم .. من لە تۆ دەپرسم.

**پیاوی یەکەم:**

نا، کەسم نەدیوە.

**پیاوی دووەم:**

کەست نەدیوە....

**پیاوی یەکەم:**

نەخێر

**پیاوی دووەم:**

لەوانەیە بە هەڵە لە دەرگاکەیان دابێت!

**پیاوی یەکەم:**

وایە......

لەم بەشەدا، دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «وایە» نە وەڵامێکی ڕاستەقینەیە بۆ پرسیارەکان و نە پێشکەوتنێکە لە گێڕانەوەکەدا. وشەکان وردە وردە لە مانای بنەڕەتی خۆیان دوور دەکەونەوە و دەبنە دەنگێک کە تەنها بەردەوامی بە بازنەی دیالۆگ دەدەن. کارەکتەرەکان قسە دەکەن، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی کاریگەر دروست نابێت. ئەم پچڕانی پەیوەندییە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی گاڵتەجاڕی لە شانۆنامەکەدا.

لەلایەکی ترەوە، دووبارەکردنەوەی زمانەوانی تەنها تایبەتمەندییەکی زارەکی نییە، بەڵکوو جۆرێک لە جووڵەی بازنەیی لە پێکهاتەی شانۆنامەکەدا دروست دەکات. کارەکتەرەکان دووبارە و دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان پرسیار، بەبێ ئەوەی وەڵامی نوێ بدۆزنەوە. ئەم بازنەی دووبارەبوونەوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەم هەستە بە خوێنەر و بینەر دەدات کە کارەکتەرەکان لە بارودۆخێکی نادیارد و بێکۆتادا گیریان خواردووە، بارودۆخێک کە هێشتا نەبووەتە هەڕەشە، بەڵام وردە وردە هێڵی نێوان ئاسایی و نائاسایی لێڵ دەکات.

یەکێکی تر لەو توخمانەی کە کەشی کۆمیدی دەقەکە پێک دەهێنێت پێکەنینی بەردەوامی پیاوی دووەمە. ئەو زۆر جار بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕوون بۆ پێکەنین، پێدەکەنێت. کاتێک پیاوی یەکەم هۆکاری پێکەنینەکە دەپرسێت، وەڵامی دەداتەوە:

"نازانم کە بە چی پێدەکەنم".

ئەم ڕستەیە نمونەیەکی پەستێنراوی جیهانی شانۆنامەکەیە. تەنانەت پێکەنین خۆی بێ هۆکار بووە. کارەکتەر ناتوانێت سەرچاوەی کاردانەوەی خۆی ڕوون بکاتەوە و لە ئەنجامدا یەکێک لە سروشتیترین کردارەکانی مرۆڤ دەبێتە هەڵسوکەوتێکی ناڕوون. خوێنەران و بینەران سەرەتا بەم بارودۆخە پێدەکەنن، بەڵام وردە وردە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم پێکەنینە، بەرلەوەی نیشانەی دڵخۆشی بێت، نیشانەی تێکچوونی پەیوەندی کارەکتەر لەگەڵ جیهانی دەوروبەرییەتی.

لە درێژەی دەقەکەدا، قەیرانی پەیوەندییەکە بە سوودوەرگرتن لەو پرسیارانەی کە هەرگیز ناگەنە وەڵامیەکی یەکلاکەرەوە، قووڵتر دەبێتەوە. نموونەی وەک:

کەس کێیە؟... ئەو؟ ئەو کێیە؟

بڕوات بە چییە؟

چیت دەوێت؟

چی وایە؟

چەندین جار لە کاتی گفتوگۆکەدا دەپرسـرێن، بەڵام هیچیان ناگەنە ئەنجامێکی ڕوون. پرسـیارەکان تەنها ڕێگە بە پرسـیاری نوێ دەدەن، و بەم شـێوەیە، جووڵەی شـانۆنامەکە لەسەر دواخستنی بەردەوامی مانا دروست دەبێت.

لەم پێکهاتەیەدا، کارەکتەرەکان گوێ لە یەکتری ناگرن و تەنها قسـە لەگەڵ یەکتر دەکەن. هەر ڕسـتەیەک لەجیاتی ئەوەی درێژەپێدەرێکی لۆژیکی ڕسـتەکەی پێشـوو بێت، ڕێگایەکی نوێ و زۆرجار ناپەیوەسـت دەسـت پێ دەکات. بەم شـێوەیە، دیالۆگەکان فۆرمێکی پارچە پـارچەیی پەرش و بڵاو دروسـت دەکەن کە لای یەکتر وەسـتاون، بەڵام وێنەیەکی یەکلاکەرەوە پێک ناهێنن. ئەم پچڕانە، بەشێک لە لۆژیکی ئێستاتیکای کارەکەیە.

کەواتە، بەشـی دەسـتپێکی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" دەتوانرێت وەک یەکەم دەرکەوتنی پوچی و بەتاڵی شـانۆنامەکە دابنرێت کە هێشـتا خۆی لە شـێوەی دڵەڕاوکێ و توندوتیژی و هەڕەشە دەرنەخستووە، بەڵکوو لە ڕێگەی گاڵتەجاڕی، دووبارەکردنەوە، خراپ تێگەیشتن، و نەتوانینی زمان لە پەیوەندیکردن خۆی دەردەخات. لەم بەشـەدا، دانا ڕەئووف جیهانێک دەخولقێنێت کە وا لە بینەران دەکات پێبکەنن و لە هەمان کاتدا بیر بکەنەوە. ئەم پێکەنینە، بەپێچەوانەی جۆری پێکەنین لە کۆمیدیای ئاسـایی، ئەنجامی چارەسـەرکردنی ناکۆکی نییە، بەڵکوو کاردانەوەیەکە بۆ جیهانێک کە تێیدا مانا لە یەکەم ساتەوە خەریکی ڕووخانە.

**٢.دڵەڕاوکێ و هەڕەشـە وەک دووەم شـێوەی پوچی و بەتاڵی: خوێندنەوەی بەشـی ناوەندی شانۆنامەکە لەسەر بنەمای بیر و بۆچوونەکانی هارۆلد پینتەر**

ئەگەر بەشی دەستپێکی شانۆنامەکە بەهۆی شکستی پەیوەندی، هەڵەتێگەیشتن و گاڵتەجاڕی لە گەمەی زمانەوانییەوە پێک هاتبێت، لە ناوەڕاسـتی دەقەکە بەدواوە، هەمان زمان ئەرکێکی تەواو جیاواز وەردەگرێت. وشـەکان چیتر بۆ دروسـتکردنی پەیوەندی یان تەنانەت بۆ بەردەوامی گفتوگۆ بەکـار نـاهێنرێن، بەڵکوو بۆ تـاقیکردنەوە، کۆنترۆڵکردن و داڕمـانی دەروون بەکار دەهێنرێن. بە وتەی مارتن ئیسـلین، لە جیهانی شـانۆیی هارۆلد پینتەر، دڵەڕاوکێ و هەڕەشـە بەگشـتی لەناو ئاسـاییترین دۆخانی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و گفتوگۆکـانی ڕۆژانەوە لەدایک دەبن. "دیـدەنییەکی چـاوەڕواننەکراو"یش، پەیڕەوی هەمـان لۆژیک دەکات، کە تێیدا بەبێ ئەوەی جیهانی نمایشـەکە بە شـێوەیەکی بەرچاو بگۆڕێت، بێمانایی سەرەتایی، وردە وردە دەبێتە ئەزموونێکی دڵەڕاوکێ و نائارامی و هەڕەشە.

ئەم گۆڕانە بەبێ گۆڕانکاری لە شـــوێن و کات یان کارەکتەرەکانە کە ڕوو دەدات. ژووری هۆتێلەکە هەمان ژوورە، دوو کارەکتەر هێشـتا لە هەمان فەزا داخراوەکەدان و گفتوگۆکەش بەردەوامە، بەڵام چۆنیەتی پەیوەندییەکەیان دەگۆڕێت. ئەگەر لە سـەرەتای شـانۆنامەکەدا، نەتوانینی پەیوەندیکردن ببوو بە بنەمای گاڵتەجاڕی، ئەوە لێرەدا ئەم نەتوانینە دەبێتە هەلێک بۆ دروسـتبوونی شـێوازی بەکارگرتن و وەرگرتنی هێز. لەم کاتەدایە کە زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوی تردا.

یەکێک لە سـەرەتاییترین نیشـانەکانی ئەم گۆڕانە، کاتێکە کە پیاوی یەکەم بڕیار دەدات ژوورەکە جێ بهێڵێت:

**پیاوی یەکەم:**

دەچمە دەرەوە.

**پیاوی دووەم:**

بەم شەوە درەنگە؟

......

**پیاوی دووەم:** (بە دەنگێکی بەرز)

بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆیت!

تا ئێستا هیچ توندوتیژییەکی جەستەیی ڕووینەداوە، بەڵام هەستی نائارامی لێرەوە دەست پێ دەکات. پیاوی دووەم، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی ژیرانە بۆ قەدەغەکردنی ڕۆیشـتنی پیاوی یەکەم پێشـکەش بکات، پیاوی یەکەم لە دەسـەڵاتی بڕیاردان بێبەش دەکات. گرنگی ئەم دیمەنە لە قەدەغەکردنی دەرچوون نییە، بەڵکوو لە ئاسـاییبوونەکەیدایە. وەک ئیسـلین لە شـیکردنەوەکەی بۆ شـانۆنامەکانی پینتەر نیشـانی دەدات، هەڕەشـەکە زۆرجار خۆی لە شـێوەی هەڵسـوکەوتی تەواو ئاسـایی دەردەخات، ڕەفتارێک کە بە ڕواڵەت بێ بایەخ دەردەکەون، بەڵام وردە وردە سـەربەخۆیی کارەکتەرەکە تێک دەشـکێنن و پەیوەندییەک لەسەر بنەمای زاڵبوون دروست دەکەن.

پاش ماوەیەکی کورت، ئەم زاڵبوونە لە ئاستی زمان و قسەکردنەوە بۆ ئاستی هەڵسوکەوت پەرەدەسـتێنێت. پیاوی دووەم دەسـتی پیاوی یەکەم دەگرێت، لەسـەر کورسـییەک دایدەنیشێنێت و بە تۆنێکی دەسەڵاتدارانەوە دەڵێت: "نەجووڵێیت".

پاشـان بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات گیرفانەکانی دەپشکنێت. لێرەشدا کێشـەکە تەنها توندوتیژیی جەسـتەیی نییە، بەڵکوو دەسـتبەسـەرداگرتن و زاڵبوونی وردە وردەی

دەســـەڵاتێک بەســـەر ئەوی تر دایە. پیاوی دووەم بەهێواشـــی خۆی دەکاتە بڕیاردەر و پرسیارکەر و چاودێر، و پیاوی یەکەم وردە وردە کۆنترۆڵی بڕیاردان و جەستە و جووڵەی خۆی لەدەســـت دەدات. بەم شـێوەیە، پەیوەندییەک کە ســـەرەتا لەســـەر بنەمای دیالۆگێکی شکستخواردوو بوو ئێستا بۆ پەیوەندییەکی ئاشکرای دەسەڵات و ژێردەستبوون گۆڕاوە.

لە هەمان کاتدا، زمانیش ســـروشـــتی خۆی دەگۆڕێت. مۆنۆلۆگی درێژی پیاوی دووەم نموونەیەکی ڕوونی ئەم گۆڕانەیە:

**پیاوی دووەم:**

ویســـتت شـــتێک بڵێیت... وانییە! قســـە بکەیت. دەی چاوەڕێم. بزانم دەڵێی چی؟ گوتت چی؟ گوێم لێ نەبوو. تۆزێک دەنگ هەڵبڕە. ناتوانی قســـە بکەیت؟ شـــتێک بڵێ... هەر شـــتێک بێت. دەم بکەرەوە و شـــتێک بڵێ. با گوێم لە دەنگت بێت. دەی... گوتت چی؟ ... دە شـــتێک بڵێ. زمان لە دەمتا نییە؟ زمانیان بڕیوی؟!

لە ڕواڵەتدا، پیاوی دووەم دەیەوێت گوێ لە قســـەی پیاوی یەکەم بگرێت، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئامانجی ئەوە نییە وەڵامێک بەدەست بهێنێت. پرسیارەکان یەک لە دوای یەک دەکرێن و هیچ دەرفەتێک بۆ وەڵام ناهێڵنەوە. زمان بۆتە ئامرازێک بۆ بەکارهێنانی فشـــاری دەروونی و داڕمانی بەرگری لایەنی بەرامبەر. لێرەدا، ئەوەی گرنگە ناوەڕۆکی پرسیارەکان نییە، بەڵکوو خودی کردارەکەیە، چونکە ئامانج زاڵبوون بەسەر ئەوی تردایە، نەک گەیشتن بە ڕاستی.

لەم بەشـــەدا، بێدەنگیش مانایەکی نوێ وەردەگرێت. هەر جارێک پیاوی یەکەم خۆی لە وەڵامدانەوە لا دەدات، ڕســـتەیەک بە نیوە تەواو بەجێ دەهێڵێت، یان تەنها بە بێدەنگی کاردانەوەی هەیە، گرژی دیمەنەکە زیاد دەبێت. لێرەدا بێدەنگی بەشـێکە لە خودی زمان. لە جیهانی شـــانۆیی پینتەردا، ئەوەی کارەکتەرەکان نایڵێن هەندێک جار لەوەی کە دەیڵێن، گرنگترە. کەواتە گرژی شـــانۆنامەکە نەک تەنها لە دیالۆگەکاندا دروســـت دەبێت، بەڵکوو لە مەودای نێوانیانیشـــدا دروســـت دەبێت، کە خوێنەر و بینەر وەک کارەکتەرەکان ناچار دەبن بۆشاییەکانی مانا بە تێڕوانینی خۆیان پڕ بکەنەوە.

هەروەها، توخمی «ناڕوونییش» لەم بازنەیەدا کار دەکات. پیاوی دووەم چەندین جار باسی قەرز دەکات:

"تۆ دەبێت جارێ قەرزەکانی من بدەیتەوە.."

بەڵام شـــانۆنامەکە هەرگیز ڕوونی ناکاتەوە کە ئەم قەرزە چییە، چۆن دروســـت بووە، یان تەنانەت ئایا ڕاســـتە یان نا. بە هەمان شـــێوە، بینەران زانیاری یەکلاکەرەوە دەربارەی ڕابردووی ئەو دوو کارەکتەرە بەدەست ناهێنن. ئایا پیاوی دووەم ڕاست دەڵێت؟ ئایا پیاوی یەکەم ڕاســـتی دەشـــارێتەوە؟ یان هەموو ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە لەســـەر بنەمای

هەڵەتێگەیشتنێکی بنەڕەتییە؟ شانۆنامەکە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بۆ هیچ کام لەم پرسیارانە ناداتەوە، و ئەم کەمی زانیارییە فەزای دڵەڕاوکێ و هەڕەشە زۆرتر دەکات. ئەم تایبەتمەندییە، یانی بوونی توخمی ناڕوونی، کەموکوڕی لە گێڕانەوەدا نییە، بەڵکوو یەکێکە لە گرنگترین توخمە پێکهێنەرەکانی دەق لە کاری دانارەئووف و لەکارەکانی هارۆلد پینتەردا.

ئەم دۆخە سەبارەت بە ڕابردووی کارەکتەرەکانیش دووبارە دەبێتەوە. پیاوی دووەم دەڵێت:

"دوو ساڵە ڕات کردووە و خۆت شاردۆتەوە"

بەڵام هۆکاری ئەم ڕاکردن و خۆشاردنەوەیە هەرگیز بۆمان دەرناکەوێت. پیاوی یەکەم تەنیا وەڵامەکەی ئەوەیە:

"لەبەر ئەوە ڕام کرد، کە ئەوان تاوانێکیان کردبوو، نەک من"

" ئەوان" بەبێ ئاماژە دەمێنێتەوە و ڕابردوو، وەک ئێستا، دەبێتە جیهانێکی نادیار و ناڕوون. لە ئەنجامدا، خوێنەر و بینەر وەک کارەکتەرەکان لە جیهانێکدا دادەنرێن کە تێیدا ڕاستی هەمیشە ناتەواو و خلیسکە و هەرگیز ڕوون نابێتەوە.

لەم بەینەدا، یەکێک لە گرینگترین ساتەکانی شانۆنامەکە دەکرێت، ئەم مۆنۆلۆگەی پیاوی یەکەم سەبارەت بە هەستی لە ژێرچاودێریبوون بێت:

"هەمیشە هەست دەکەم کەسێک لە شوێنێکەوە سەیرم دەکات... لە پەنجەرەکانەوە، لە درزی دەرگاکەوە، لە پشت دیوارەکانەوە..."

گرینگی ئەم مۆنۆلۆگە تەنها لە دەربڕینی ترسدا نییە، بەڵکوو لە نادڵنیاییی سەرچاوەی ئەم ترسەدا هەیە. پیاوی یەکەم نازانێت کێ چاودێری دەکات، ئایا ئەم چاودێریکردنەی باسی لێ دەکات، ڕاستەقینەیە یان نا، یان تەنانەت مەترسیی ڕاستەقینە لە دەرەوە هەیە یان هەمووی دەروونییە. لە ئەنجامدا، هەڕەشە لە کردارێکی دەرەکی بۆ ئەزموونێکی دەروونی دەگۆڕێت. خوێنەر و بینەریش، وەک کارەکتەرەکە، ڕووبەڕووی مەترسی نابێتەوە، بەڵکوو ڕووبەڕووی چاوەڕوانییەکی بەردەوامی مەترسی و هەڕەشە دەبێتەوە، چاوەڕوانییەک کە زۆر لە خودی توندوتیژی ترسناکترە.

لەم ڕوانگەیەوە، بەشی ناوەندی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" دەتوانرێت بە قۆناغی بڵاوبوونەوەی هەڕەشە دابنرێت. گاڵتەجارییەکەی سەرەتای دەق، هێشتا بەتەواوی نەسڕاوەتەوە، بەڵام چیتر توخمی زاڵی دەقەکە نییە. زمان، کە پێشتر سەرچاوەی هەڵەتێگەیشتن و پێکەنین بوو، ئێستا بووە بە ئامرازێک بۆ زاڵبوون، چاودێریکردن، لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن. پەیوەندییەکانیش لە دیالۆگێکی شکستخواردووەوە بۆ

ململانێیەکی سایکۆلۆژی گۆڕاون کە تێیدا، هێز لە ڕێگەی ناڕوونی، بێدەنگی، چاوەڕوانی و نائارامی دەسەپێنرێت.

بەم شێوەیە، شانۆنامەکە لە یەکێک لە پێکهاتە هەرە بنچینەییەکانی ئێستاتیکای هارۆلد پینتەر نزیک دەبێتەوە، جیهانێک کە تێیدا توندوتیژی پێش ئەوەی ڕوو بدات، ئامادەبوونی خۆی بەسەر خوێنەر و بینەردا دەسەپێنێت. هەڕەشەی بنەڕەتی دەق، لە چەقۆ یان ڕووبەڕووبوونەوەی کۆتاییدا نییە، بەڵکوو لە بێدەنگییەکان، پرسیارە بێ وەڵامەکان، ڕابردووی نادیار، هەستی بەردەوامی چاودێری، و نەتوانینی کارەکتەرەکان بۆ گەیشتن بە ڕاستیدایە. کەواتە، ئەو بەتاڵییەی کە سەرەتا خۆی لە شێوەی پێکەنین دەردەخست بۆ ئەزموونێکی دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیی هەڕەشە و توندوتیژی دەگۆڕێت. ئەزموونێک کە دەق بۆ کۆتاییی خوێناویی شانۆنامەکە ئامادە دەکات.

## ٣. توندوتیژی وەک دوایین شێوەی پوچی و بەتاڵی؛ خوێندنەوەی بەشی کۆتاییی شانۆنامەکە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی فێرناندۆ ئارابال

ئەگەر لە بەشی یەکەمدا پوچی و بەتاڵی لە شێوەی گاڵتەجاڕی و شکستی پەیوەندیدا دەربکەوێت و لە بەشی دووەمدا لە شێوەی هەڕەشە و دڵەڕاوکێ و پەیوەندییەکانی هێزدا، ئەوە لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا ئەم پرۆسەیە دەگاتە قۆناغێک کە زمان توانای هەڵگرتنی قەیران لەدەست دەدات. دیالۆگ، بێدەنگی و گەمەی زمانەوانی، کە تا ئێستا گۆڕەپانی سەرەکیی ململانێ بوون، لەبەشی کۆتاییدا لاوازدەبن و ڕێگە بە کرداری توندوتیژی دەدەن تا خۆ دەربخات. لەم ڕوانگەیەوە کوشتن، دوا قۆناغی پرۆسەیە کە لە یەکەم دیالۆگەکانی شانۆنامەکەوە دەستی پێ کردووە.

لە جوانیناسی و ئێستاتیکای فێرناندۆ ئارابال، بەتایبەتی لە شانۆی پەنیکدا، توندوتیژی هەرگیز ڕووداوێکی نائاسایی نییە. جیهانی شانۆیی ئەو بە ئاژاوە، دڵەڕاوکێ، ناسەقامگیری و داڕمانی سیستەمی عەقڵانی دروست دەبێت، جیهانێک کە سنوورەکانی نێوان ڕاستی و کابوس، عەقڵ و شێتایەتی، قوربانی و دەستدرێژیکەر، یان تەنانەت تاوانبار و بێتاوان، بەردەوام دەگۆڕێت. لە فەزایەکی وەهادا، توندوتیژی وەڵامێکی لۆژیکی بۆ کێشەیەک نییە، بەڵکوو درێژەپێدەری سروشتی جیهانێکە کە تێیدا مانا و ئاسایش و دڵنیایی لەناوچوونە.

"دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" لە بەشی کۆتاییدا لە هەمان شێوە نزیک دەبێتەوە. شایانی باسە کە نووسەر، لە شانۆنامەکەدا پێش ئەوەی کوشتنەکە ڕوو بدات، چەند جارێک هەستێکی نائارامی و دڵەڕاوکێی لە مێشکی بینەراندا دروست دەکات. ترسی پیاوی یەکەم لە لەژێرچاوەدێریبوون، لە ئامادەبوونی یەکێکی تر، لە ڕابردوو، لە خۆشەویستی، لە بەجێهێشتنی ژوورەکە و تەنانەت لە بێدەنگی نێوان گفتوگۆکانیش، فەزایەک دروست دەکات

که تێیدا توندوتیژی، بابەتێکی لەناکاو و بێ پێشـــەکی نییە، بەڵکوو ئەنجامی کەڵەکەبوونی وردە وردەی ترس بە درێژاییی دەقەکەیە. بەم شـــێوەیە، چەقۆکە تەنها لە دوایین ســـاتدا دەچێتە ناو دیمەنەکەوە، بەڵام ترس لە سەرەتای شانۆنامەکەوە بوونێکی بەهێزی هەیە.

خاڵی وەرچەرخانی ئەم گۆڕانە، ئەو ســـاتەیە کە پیاوی دووەم چەقۆکە دەردەهێنێت. تا ئەو کـاتە، زاڵبوون، زۆرتر لە ڕێگەی زمـانەوە ئەنجـام دەدرا. فەرمـانـدان، لێپرســـینەوە، سنووردارکردنی جووڵە و دروستکردنی فشاری دەروونی، ئامرازی سەرەکیی ئەو بوون، بەڵام لەگەڵ گەیشـــتنی چەقۆکە، هەڕەشـــەکە لە ئاســـتی وشـــەکانەوە بۆ ئاســـتی کردار دەگوازرێتەوە. پیاوی یەکەم تەنها دەتوانێت بڵێت:

"ئەو چەقۆیە لا بە... تکایە. ئێمە هاوڕێین"

وشـــەی "هاوڕێ" لەم کاتەدا دوایین هەوڵی زمانە بۆ ڕێگریکردن لە داڕمان، هەوڵێک کە یەکسەر شکست دەهێنێت. زمان، کە لە سەرەتای شانۆنامەکەوە نەیتوانیبوو پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دروست بکات، ئێستا تەنانەت توانای ڕێگریکردن لە توندوتیژییشی لەدەست داوە. لەبەر ئەوە، کوشتن دەبێت بە شکستی کۆتاییی زمان دابنرێت.

تـایبەتمەنـدییەکی تری ئەم بەشـــە، نەبوونی هیچ پەیوەنـدییەکی هۆکـاری ڕوون لەنێوان ڕابردوو و توندوتیژیی کۆتـاییە. شـــانۆنـامەکە بە بەردەوامی بـاس لە "قەرز"، "هەڵاتن"، "ئەوان"، "ترس" و ڕابردوویەکی نادیار دەکات، بەڵام هەرگیز ئەم توخمانە بە شـــێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕوون ناکاتەوە. لە ئەنجـامدا، کوشـــتنەکە، وەک ڕووداوەکانی تری دەقەکە، پـاســـاوێکی ڕوونی نییە. خوێنەران و بینەران نە دەتوانن پیاوی دووەم بەتەواوی وەک کەســـێکی ڕاســـت بزانن و نە پیاوی یەکەم بەتەواوی وەک بێتاوانێک پێناســـە بکەن و لە دەرئەنجامیشدا، ڕاستی، بە ناڕوونی دەمێنێتەوە.

لەو بەشـەدا، یەکێک لە گرینگترین توخمەکانی ئێستاتیکای فێرناندۆ ئارابالییش دەردەکەوێت: داڕمانی ســـنووری نێوان قوربانی و دەســـتدرێژکەر. پێش ئەوەی ڕووناکی بکوژێتەوەو تاریکی بێت، پیاوی دووەم بە ڕوونی لە شـوێنی هێرشـبەرەکەیە؛ فەرمان دەدات، هەڕەشـــە دەکات، ڕێگە لە دەرچوون دەگرێت و بە چەقۆ هێرش دەکات، بەڵام کاتێک دیمەنەکە دووبارە ڕووناک دەبێتەوە، ئەم ڕێژەیە بەتەواوی گۆڕاوە:

"پیاوی دووەم لەســـەر زەوییەکە کەوتووە و پیاوی یەکەم، کە چەقۆکەی بە خوێناوی بە دەستەوەیە، بە شڵەژاوی وەستاوە و سەیری دوور دەکات"

ئەم جێگۆڕکە لەناکاوە، تەنها گۆڕانێک لە چارەنووســـی ئەم دوو کارەکتەرەکە نییە، بەڵکوو داڕمـانی هەر دڵنیـاییەکی ئەخلاقییە. قوربـانی خۆی بووە بە هۆکـاری توندوتیژی، بەڵام شانۆنامەکە هیچ ئاماژەیەک نادات کە ئەم گۆڕانە بتوانرێت وەک سەرکەوتن، تۆڵەسەندنەوە،

دادپەروەری، یان تەنانەت بەرگرییەکی ڕەوا ببینرێت. کارەکتەرەکان، وەک جیهانی نمایشەکە، لە دۆخێکی شل، ناڕوون و ناجێگیردا دەمێننەوە.

کەواتە، کوشتن، لە کۆتاییی دەقدا ناتوانێت بە کۆتاییەکی تراژیدی بە مانای کلاسیکی خۆی دابنرێت. بەگشتی لە تراژیدیادا، مردن دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕاستی، بەدیهێنانی دادپەروەری، یان بەلایەنی کەمەوە جۆرێک لە پوختەکردنی هەست و سۆزداری، بەڵام لە "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"دا، هیچ کام لەمانە ڕوو نادات. نە نهێنیی ڕابردوو ئاشکرا دەکرێت، نە مانای قەرز ڕوون دەبێتەوە، نە هۆکاری سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو پیاوە ئاشکرا دەبێت، هەربۆیە خوێنەران و بینەران ناگەنە بڕیارێکی ئەخلاقی یەکلاکەرەوە و توندوتیژییەکە تەنها ناڕوونی جیهانی دەقەکە زیاد دەکات.

ڕستەی کۆتاییی پیاوی یەکەم، ئەم دۆخە زەقتریش دەکاتەوە:

"هەمیشە زانیوومە ڕۆژێک درەنگ دەبێت و فریای ئەوە ناکەوین، کە دەمانویست ماڵئاوایی لێ بکەین."

ئەم ڕستەیە، لەجیاتی ئەوەی گرێی گێڕانەوەکە بکاتەوە، جارێکی تر خوێنەر و بینەر بۆ جیهانی گومان دەگێڕێتەوە. ڕوون نییە کە ئەمە ددانپێدانانێکە یان پەشیمانییە، خەیاڵە، یان دوایین گفتوگۆی دەروونی لەگەڵ پیاوی دووەمە. لە هەمان کاتدا کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت شانۆنامەکە مانایەکی کۆتایی پێشکەش بکات، جارێکی تر لە هەموو دڵنیاییەک دەرباز دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە، کۆتاییی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" دەتوانرێت وەک دەربڕینێکی تەواوی لۆژیکی شانۆی پەنیک، ببینرێت: جیهانێک کە تێیدا دڵەڕاوکێ پێش توندوتیژی دەکەوێت، توندوتیژی هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات، و پوچی و بێمانایی دوای کۆتاییی دەقییش هەروا بەردەوام دەبێت. کەواتە، کوشتن لەم شانۆنامەیەدا ئەنجامی ململانێیەکی شەخسی نییە، بەڵکوو دوایین دەرکەوتنی پوچی و بەتاڵییە، بەتاڵییەک کە بە پێکەنین دەست پێ دەکات، بەناو دڵەڕاوکێ و هەڕەشەدا تێدەپەڕێت و لە کۆتاییدا بە تێکدانی تەواوی زمان و متمانە و پەیوەندی مرۆڤایەتی بە لوتکەی پرۆسەکە؛ واتە توندوتیژی دەگات.

## پەیوەندیی ئەم سێ چەشنە جیاوازەی شانۆی ئەبسێرد لە «دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو»دا: گۆڕانێکی پوچ و بەتاڵ لە پێکەنین بۆ دڵەڕاوکێ و هەڕەشە و لەکۆتاییدا بۆ توندوتیژی

شیکردنەوەی سێ بەشی پێشوو دەریخست کە "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو" شانۆنامەیەکە، کە لە یەک کاتدا سێ شێوازی جیاوازیی شانۆی ئەبسێرد بەکار دەهێنێت. گرینگی پێکهاتەییی ئەم کارە لەوەدایە کە ئەم سێ شێوازە نەک لە تەنیشت یەکتر، بەڵکوو بەدرێژایی یەکتر دروست دەبن. کەواتە، ئەوەی گەرەنتی سەقامگیری ناوخۆیی شانۆنامەکە دەکات، بوونی

ســـێ پارادایمی ســـەربەخۆ نییە، بەڵکوو جووڵەی وردە وردەی تاکە ئەزموونێکە کە لەم وتارەدا بە "پەرەسەندنی پوچی" ناو دەبرێت.

پوچی لەم شانۆنامەیەدا کوالیتییەکی جێگیری نییە. لە یەکەم ساتەکانی دەقەکەدا، لە شێوەی هەڵەتێگەیشـــتنی زمانەوانی، وەڵامی ناپەیوەســـت، پێکەنینی بێ پاســـاو، و نەتوانینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیکردن دەردەکەوێت. لەم خاڵەدا، بینەران هێشـــتا ڕووبەڕووی جیهانێک دەبنەوە کە بێ لۆژیک و ناجێگیر دەردەکەوێت، بەڵام دەشـــێت پێی پێبکەنین. شکستی پەیوەندی هێشتا لە ئاستی زماندا دەمێنێتەوە و ئەمەش فەزای کۆمیدی کارەکە پێک دەهێنێت.

هەرچەندە، بەردەوامی ئەم دۆخە وردە وردە ئەرکی توخمە شـــانۆییەکان دەگۆڕێت. دووبارەبوونەوە چیتر تەنها بەرهەمهێنەری گاڵتە نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ ڕاهێنانی دەسەڵات؛ پرسیارەکان چیتر بۆ بەدەستهێنانی وەڵام ناکرێن، بەڵکوو ئامرازێکن بۆ داخوڕانی سایکۆلۆژی ئەوی تر؛ بێدەنگی چیتر بۆشاییی نێوان دوو ڕستە نییە، بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە پەیوەندییەکانی زاڵبوون. کەواتە، بەبێ ئەوەی توخمێکی نوێ بێتە ناو جیهانی دراما، هەمان ئەو توخمانەی کە سەرەتا دەبوونە هۆی پێکەنین ئێستا هەستی نائارامی و هەڕەشە دروست دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە، تێپەڕبوون لە جیهانی ژان میشـــێل ڕیب بۆ جیهانی هارۆلد پینتەر، تێپەڕبوونێک لە پێکهاتەیەک بۆ پێکهاتەیەکی تر نییە، بەڵکوو گۆڕانکاری فانکشـــنی کۆمەڵێک توخمی جێگیر و یەکســـانن. ژووری هۆتێلەکە ناگۆڕێت، کارەکتەرەکان وەک دوو پیاو دەمێننەوە، کات بە درێژاییی هەمان شەوی زستان بەردەوام دەبێت، و گفتوگۆکان بەردەوام دەبن. ئەوەی دەگۆڕێت پەیوەندیی کارەکتەرەکانە لەگەڵ زمان، لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ جیهانی دەوروبەریشیان .

لە درێژەدا و لەگەڵ فراوانبوونی قەیرانەکەدا، ئیتر زمان توانای هەڵگرتنی قەیرانی نییە و جێگا بۆ کردار خۆش دەکات. لەم ڕوانگەیەوە هاتنی چەقۆ، ڕووداوێکی لەناکاو یان توخمێکی زیادە نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ســـروشـــتی پرۆســـەیەک بوو کە لە یەکەم دیالۆگەکانی شـــانۆنامەکەوە دەســـتی پێ کردبوو. توندوتیژی، درێژە و بەردەوامی هەمان شـــکســـتی پەیوەندییە، تەنیا خاڵی جیاواز ئەمەیە کە توندوتیژی لە ئاســـتی زمانەوە بۆ ئاســـتییێکی جەستەیی و خوێنین گوازراوەتەوە.

بەم پێیە، جووڵەی دەروونی شانۆنامەکە دەتوانرێت بە سێ قۆناغ وەسف بکرێت: شکستی پەیوەندی، شکستی متمانە و شکستی مرۆڤ. لە قۆناغی یەکەمدا کارەکتەرەکان ناتوانن لە یەکتر تێبگەن و لە قۆناغی دووەمدا ئەگەری متمانەی هاوبەشـــیش لە دەســـت دەچێت و لە

قۆناغی سـێیەمیشـدا خودی ئەگەری پێکەوەژیانی مرۆڤ دەڕوخێت. ئەم سـێ قۆناغە سـێ بەشن لە یەک قەیران کە وردە وردە بڵاو دەبنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەو سـێ شـێوازەی لەم وتارەدا شـیکردنەوەیان بۆ کرا، نابێت تەنها وەک نیشانەی وەرگرتنی کاریگەری شانۆنامەکە لە سێ شانۆنامەنووسی دیاری شانۆی ئەبسێرد سەیر بکرێت، بەڵکوو دەبێت وەک سێ ئەگەری جوانیناسـانە بۆ نواندنی قەیرانێکی هاوبەش لەبەرچاو بگیرێن. «دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو» وردە وردە ئەم سـێ ئەگەرە تێدەپەڕێنێت و نیشـــانی دەدات کە لە جیهانی ئەبســـێرددا، ســـنووری نێوان پێکەنین و دڵەڕاوکێ و توندوتیژی ســـنوورێکی جێگیر و یەکلاکەرەوە نییە. هەر قۆنـاغێـک، فەزا بۆ دەرکەوتنی قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات و دەبینین کە هەمووی ئەم شـــێواز و قۆناغانە، شـــێوەی جیاوازی تاکە ئەزموونێکی یەکسان لە پوچی و بەتاڵیین.

**دەرئەنجام:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر پێکەوەگرێدانی سێ شێوازی جیاوازیی شـانۆی ئەبسـێرد لە شـانۆنامەی "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"ی دانا ڕەئووف. پرسـیاری سـەرەکیی وتارەکە ئەوە بوو کە چۆن شـانۆنامەکە بەبێ لەدەستدانی سەقامگیری دراماتیکی خۆی، سێ شێوازی جیاوازی شانۆی ئەبسێرد لە یەک دەقدا کۆ دەکاتەوە.

توێژینەوەکە دەریخســـت کە پوچی یـان بەتـاڵی لە«دیـدەنییەکی چـاوەڕواننەکراو»دا، کوالیتییەکی جێگیر نییە، بەڵکوو بە درێژاییی شـانۆنامەکە بەردەوام دەگۆڕێت. ئەم ئەزموونە ســـەرەتا لە ڕێگەی گاڵتەجاڕی، گەمەی زمان، خراپ تێگەیشـــتن، و تێکشـــکانی پەیوەندیی مرۆڤەوە دروســـت دەبێت، و دواتر، بەبێ گۆڕینی کارەکتەرەکان، شـــوێن، یان کات، هەمان توخمە دراماییەکـان ئەرکێکی نوێ وەردەگرن و زمـان دەبێتە ئـامرازێـک بۆ زاڵبوون، دڵەڕاوکێ، و هەڕەشــە. لە کۆتاییدا، کاتێک زمان توانای هەڵگرتن و گواســتنەوەی قەیرانەکە لەدەست دەدات، توندوتیژی جێگەی ئەو دەگرێتەوە، توندوتیژییەک کە نە ڕوونکردنەوەیە بۆ گێڕانەوەکە و نە وەڵامێکە بۆ ناڕوونییەکانی پێشـــوو، بەڵکوو دوایین دەرکەوتنی هەمـان قەیرانی مانایە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەو ســێ شــێوازەی لەم وتارەدا تاوتوێکراون نابێت تەنها وەک نیشــانەی وەرگرتنی کاریگەری شـانۆنامەکە لە ژان میشـێل ڕیب و هارۆڵد پینتەر و فێرناندۆ ئارابال ســـەیر بکرێت، بەڵکوو دەبێت وەک ســـێ ئەگەری جوانیناســـی بۆ نوێنەرایەتی قەیرانێکی هـاوبەش لەبەرچـاو بگیرێن. "دیـدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"، بە تێپەڕبوون لە جیهـانی ژان میشـێل ڕیب و هارۆڵد پینتەر و فێرناندۆ ئارابال نیشـانی دەدات کە لە جیهانی ئەبسـێرددا، ســـنووری نێوان گاڵتەجاڕی و هەڕەشـــە و توندوتیژی جێگیر نییە، بەڵام هەر قۆنـاغێک

دەرفەت بۆ پێکهێنانی قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات، و هەموویان شــێوەی جیاوازی ئەزموونێکی هاوبەش لە پوچی و بەتاڵیین.

لە ئەنجامدا، دەتوانرێت "دیدەنییەکی چاوەڕواننەکراو"، وەک نموونەیەکی بەرچاو لە شانۆنامەنووسی هاوچەرخی کوردیدا دابنرێت کە بە بەکارهێنانی داهێنەرانەی توانا جۆراوجۆرەکانی شانۆی ئەبسێرد نەک بەرهەمهێنانەوەی ئەوانی پێشوو نییە، بەڵکوو شێوازێکی ئێستاتیکای سەربەخۆی بەدەستهێناوە .

**سەرچاوەکان:**

ئیسلین، مارتن. (٢٠٢٠). شانۆی ئەبسێرد. وەرگێڕانی مەهتاب کەلانتەری و مەنسورە وەفایی. تاران : نەشری ئەختەران

ڕیب، ژان میشێڵ. (٢٠١٣). شانۆی بێ ئاژەڵ. وهرگێڕانی شەهلا حائری. تاران : چاپ و بڵاوکردنەوەی قەترە

ڕەئووف. دانا. (٢٠٢٥). تێکشکان. سلێمانی. چاپی ڕەهەند و کەپر

مستەفاوی. خەشایار. شانۆی پەنیک( ترس و دڵەڕاوکێ) و ڕەنگدانەوەی لەسەر خەسڵەتە فەرمییەکان و ناوەڕۆکەکانی شانۆنامەکانی فێرناندۆ ئاراباڵ، وتار. ٢٠٢١